# بڵاوکردنەوەی ئەو نامەیەی کە مام جەلال بۆ وەزیری دادی دانمارکی ناردووە بەمەبەستی داکۆکیکردن لەژەنەڕاڵی ژەهراوی نزار خەزرەجی



دووشەممە 31.10.2005
دەرسیم دیبەگەیی
Darsim88@hotmail.com

بەمەبەستی دەرخستنی راستییەکان، کاتژمێر (20.00)ی ئێوارەی رۆژی یەکشەممە(16.12.2007)، ئەو نامەیەی کەکاتی خۆی مام جەلال، سەرۆک کۆماری ئێراقو، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کەبەمەبەستی داکۆکیکردن لەتاوانبارو ئەنفالچی فەریقی یەکەمی روکن (نزار عەبدولکەریم خەزرەجی) سەرۆکی سوپای ئێراق لەکاتی ئەنفالەکاندا (1988)دا، لەبەرواری (28.11.2002)دا بۆ وەزیری دادی دانمارکی ناردووە، بڵاودەکەوەمەوە.

مام جەلال، لەدیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵی (العربیة)داو بۆ بەرنامەی(بالعربي) کەلەڕۆژی (18.10.2007)دا، جیزیل خوری ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەنجام داوەو، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، لەژمارە(4401)ی یەکشەممە(21.10.2007)دا دەقی دیمانەکەی لەلاپەڕەکانی (2+3)دا بڵاوکردۆتەوە، مام جەلال دەڵێت: (منو برام مەسعود بارزانی نامەیەکمان بۆ دادگایەکی دانیمارک نووسی کاتێک نزار خەزرەجی دەستگیرکرا کەفەرماندەی ناوچەی کوردستان بوو لەکاتی شەڕەکاندا، ئێمەوتمان ئەو کەسەکەسێکی سەربازی بووەو فەرمانی جێبەجێکردووە.

بابزانین رستەی (ئێمەوتمان ئەو کەسەکەسێکی سەربازی بووەو فەرمانی جێبەجێکردووە)، هەروەکو مام جەلال لەدیمانەکەدا باسیکرد، لەنامەکەی ئەودا بوونی هەیە، ئایا ئەو بەتەنیا نامەکەی ناردووەیاخود بارزانی براشی لەگەڵ بووە؟یاخود داکۆکییەکی لەڕادەبەدەر نارەوای لێدەکاتو ئەگەر بەشانو باڵی ئەندامێکی سەرکردایەتی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)یشی دا هەڵبدایەهەر ئەوەندەی هەڵدەکێشا !!!